# ئەگەریان چاند سەوز نەبوو

**(دوعای بیست و یەک)**

**• کەژاڵ ئیسماعیل**

خۆزگە ئەمزانی بۆ ئەمەنەدەم بەهاوارە و بەرگەی هیچ ناگریت؟ هەر خەبەریکی ناخۆش یان دڵشکێن ببیستێت وەک فیشەکە شێتە بە ئاسمانا ئەچێت و دەست بە هاوار و بۆڵەبۆڵ ئەکات. وا ئەزانێت بەوە کار مەیسەر ئەبێت، ئەبێ چی بیستبێت وا ئاگر ئەکاتەوە!؟
چیم بیستووە، جا شتێک هەیە دڵی پێخۆش بکەم ئەڵێی بووی بە فیشەکەشێتە، شاڵا ببوومایە بەساروخ و بچووومایە بەرزترین ئاسمان و ئیتر نە کەسم بدیایەو نە هیچم ببیستایە، ئاخر چۆن نابۆڵێنم هەر ڕۆژە یان بابڵێم هەر ساتەی خەبەرێکی ناخۆش ئەبیستم، تاشتێک بیر خۆم ئەبەمەوە شتێکی ناخۆشتر یەتەسەری.
داخی ئەو عالەمەش لە قسەی زل و بێ مانای خۆیان ناکەون، بوون بە تووتی هەر ئەیلێن و ئەیلێنەوە...!
ئەوی تۆی خستۆتە حاڵەتی هاوار و بۆڵەبۆڵ زۆر دەمێکە ئێمە ئەیزانین و خۆمان لێکردووە بەکەڕەی شەربەت (ئەرێ کەڕەی شەربەت کاتی خۆی لەسلێمانی نەژیاوەو سیخوڕنەبووە؟)، هەزار جاریش هاوار بکەی هیچ لەمەسەلەکان ناگۆڕێت، تەنها ئەوە نەبێت کەشتەکان پاش و پێش یان جێگۆڕکێیان پێ ئەکەیت (زۆر ووتن سەر ئەیەشێنێت و قسەی کاڵفامیش کەس گوێی بۆناگرێت مەگەر هەر خۆی وەک زوڕنا بیژەنێت!!).
ئەزیزم بامن پێت بڵێم ئەتەوێ بڵێی چی. بۆ مەسەلەکەی (بیکر ـ هاملتون) زۆر هات و هاوار بەرز بۆوە، کەس نە گوێ، تەنانەت لووتیشیان تێنەکردین. صدام حسێن ئیعدام کرا زۆر کەس ئاخیان بۆ هەڵکێشا و گەر نەبوونایە بە لۆمەی دونیا پرسە و سەرەخۆشیان بۆ سازئەدا. جارێکی کەش زیندونابێتەوە تا بۆخۆمانی ئیعدام کەینەوە.
کاک بۆڵەبۆڵ.. ئەمەنە مەشاکیل زۆرە نازانین لە کامیانەوە دەست پێبکەین، تۆ داخی قسەی عالەم ئەخۆی.
من ئەڵێم کەسێکم نەبینی خۆی شتێکی باشی پێ بێت و خزمەت بەخەڵک بکات، ئینجا تەوس و پلار بهاوێت.
غەم مەخۆ تەنها کاڵفام و دەروون نەخۆشەکان گۆشتی خەڵک ئەجوون و وەک شەمشەمە کوێرە لە تاریکیا زوڕەیان یەت. من خۆشحاڵم ئەوانەی بوونەتە داخی دڵی تۆ وەک میزەڵانی غازی ئاوساون و چوون بەرەو قوژبنی سەقفەکان و، بەحەواوە وەک (هینی ناوگەنم ئەوەڕن ) نازانن کێشەکان ئەمە زۆرن و ژیان ئەمەنە جەنجاڵە، کەس گوێیان بۆ ناگرێت.
مەبۆڵێنە ئەوا من هەندێکیانت بۆ ئەخەمە ڕوو..

ئەگەر دۆلار دابەزێت نەوت و بەنزین و غاز بەلاش ئەبێت، چونکە ئەمەنە زۆرە پێویست بەفرۆشتن ناکات.
ئەگەر ڕۆژی دووسەعات کارەبا بەن بەخەڵک، ئەوا کەس درەنگ ناخەوێت و بیر لەژیان ناکاتەوە.
ئەگەری ئەوەهەیە تورو شێلم و سەوزە و میوە بە دۆلار بفرۆشرێت تا دڵیان لەخۆیان دانەمێنێت.
ئەگەر حکوومەت بیرێکی ئیرتیوازی لێبات لە دوکان، ئەوا کارەبا شەووڕۆژ بەردەوام ئەبێت، چونکە سەدەکە پڕ ئەبێت.

ئەگەری یەک قڕکردنی شیعە و سوننە لەعێراق بووە بەڕاست و وا خەریکە پێشمەرگە ئەنێرن بۆ ناوبژی.
حەلکردنی کێشەی تەلەبەکانی کولیەی تەربییەی سلێمانی وەک کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لە ئەگەر و نەگەردایە.
ئەگەری دەرچوونی هەموو تەلەبەکانی کوردستان بەکامیل مەڕاحیلەوە لەژێر مۆرکردندایە، ئەڵێن لەبەر زۆری کارەبا چاویان یەشێت.

ئەگەری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی فرەژنی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت لەناو چینی مەنسوولیندا و وادیارەهەروا درێژەی ئەبێت.
بۆ دڵنەوایی و قەرەبووکردنەوەی خەڵکی کوردستان حکوومەت لەگەڵ شەریکەیەکی تازەی یابانی بەناوی (نەوتتاڵ) بە ئەگەری دروستکردنی هەموو کەرەسە پێویستەکانی ناوماڵ ڕێک کەوت بەمەرجێک یان بەئاو یان بەنەوت ئیش بکەن.

ئەگەر ناوی چوارڕێیانی سەرچنار بگۆڕن، دەنگ هەیە ناوی«نۆسترادامۆس»ی لێ بنێن، بەڵکو پێشبینی بۆ ئایندەی شارەکە بکات.
ئەگەر تۆش مانووبووی لە بۆڵەبۆڵ، دوعایەبکە باهەموو بڵێین ئامییین: (خوایە فرسەتی ئەو عالەمە بەیت بۆ تەحەمولکردنی دەردەسەری و، میزەڵانەکانیان بەحەواوە شەقبەرێت!).
2007 – 1 – 18

• • •